
www.chawnews.com

سێ مانگی پاییزی ١٣٩٩

# ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ناوەندی مافی مرۆڤ
بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ڕاپۆرتی سێهەمی ١٣٩٩



IKHRC
Iranian Kurdistan Human Rights Center



IKHRC
Iranian Kurdistan Human Rights Center
ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ناوی بڵاوکراوە:
ڕاپۆرتی وەرزیی بەشێك لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ژمارە و وەرز:
ساڵی شەشەم - ژمارە ٢٣
پاییزی ١٣٩٩

زمان:
کوردی - ئینگلیزی - فارسی

بەڕێوەبەر:
شاڕوخ حەسەنزادە
سەردەبیر:
عەلی بداغی
گرافیك:
مراد بەهرامیان

چاپ و بڵاوکردنەوە:
ناوەندی مافی مرۆڤ
بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئیمەیل:
newsikhrc@gmail.com
وێبسایت:
www.chawnews.com

چاو نیوز
ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان




## ڕاپۆرتی بەشێك لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
## بەهۆی دەزگای قەزایی، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە
## لە سێ مانگی پاییزی ١٣٩٩ی هەتاوی‌دا

کوردستانی ئێران لە سێ مانگی پاییزی ١٣٩٩ و لە وەرزی سێهەمی ئەمساڵیشدا سەرکوت‌کاریی کۆماری ئیسلامی و پێشێل‌کردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بەستێنە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەزموون کردەوە.

بەپێی ئەو داتا و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لای خۆی تۆماری کردوون، لە ماوەی سێ مانگی پاییز زیاتر لە هەزار حاڵەتی پێشێل‌کردنی زبری مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی داوە کە ئەم ناوەندە زیاتر لە ٣٠٠ حاڵەت لەوانی تۆمار کردووە.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا لانی کەم ٤٨ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و، ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەو ٤٨ کەسە ١٨ کەسیان کوژراون و ٣٠ کەسیش بریندار بوون.

کوژران و برینداربوونی ٤٨کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە وەرزی پاییزی ئەمساڵ لە حاڵێک‌دایە کە لە سێ مانگی هاوینیشدا لانیکەم ٦٨ کۆڵبەر و لە وەرزی بەهاریشدا ٥٨ کۆڵبەر و کاسبکار بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژرابوون و بریندار ببوون؛ بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەهۆی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی گیانیان لە پێناو پارووە نانێک داناوە، گەیوەتە ١٧٤ کەس کە ٦٧ کەسیان کوژراون و ١٠٧ کەسیش بریندار بوون.

هەروەها هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا تەقەیان لە دوو شوان لە ناوچەکانی بانە و ماکۆ کردووە کە ڕەزا قوولکانو خەڵکی گوندی «زەڵکەی ژووروو» کوژرا و کیوان قادرپوور لە بانە بە توندی بریندار بوو. ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ی ڕەزبەریش هێزە ئینتزامییەکانی شاری شەهریار سەر بە پارێزگای ئەلبورز لاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵی خەڵکی سنەیان بە ناوی «کەژوان ئەڵماسی» لە میوانییەکی شەوانە دەستبەسەر کرد و دوای دەستبەسەر کران لە پشتەوە تەقەیان لێ کرد و کوشتیان. لە کردەوەیەکی جینایەتکارانەی دیکەدا ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی ڕەزبەر هێزە ئینتزامییەکانی پایگای دەوڵەتئاوای کرماشان ئۆتۆمبێلێکی جۆری «پژۆ ٤٠٥»یان دایە بەر دەستڕێژی گوللە کە لە ئاکامی ئەو دەستڕێژەدا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کە مێرمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی «ئەشکان عەزیزی» بووە گیانی لە دەست داوە و مێرمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵانیش بە ناوی «بورهان عەزیزی» بە سەختی بریندار بوو.

هەروەها لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا لانی کەم ٨ بەندکراوی کورد کە بە تاوانی کوشتنی بەئانقەست حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، لەدار دراون. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا لانیکەم ٣٢ بەندکراوی کوردی لەدار دابوو، بەوەش ژمارەی ئەم زیندانییە کوردانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لەدار دراون، گەیوەتە ٤٠ کەس کە ٤ کەس لەوان زیندانیی سیاسی بوون.

هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ١٤٣ کەس لە شارە و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لەدژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگایی کرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ٤٢ کەس لەوان حوکمی لە ٤ مانگ تا ١٥ ساڵ و سەرجەم ١٩٤٧ مانگ زیندان (١٦٢ ساڵ و ٣ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

گرتنی ١٤٣ کەس و حوکمدانی ٤٢ کەس لەوان لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەمساڵ لە حاڵێک‌دایە کە لە ماوەی سێ مانگەی هاوینَدا لانیکەم ١٩٢ کەس و لە وەرزی بەهاریشدا ١٠٦ چالاکی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوون، بەو پێیە ژمارەی ئەو کەسانەی لە کوردستان لە سەرەتای ئەمساڵەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی گیراون، لە ٤٤١ کەس تێپەڕیوە. لەو ٤٤١ کەسەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی پاییز دەسبەسەر کراون، لانیکەم ١٣٤ کەس لەوان دادگایی و حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپاوە و ژمارەیەکی زۆرتر لەوەندەش هێشتا لە گرتنگەکانی ئیتلاعاتدا دەسبەسەرن و چارەنووسیان ناڕوونە.

جێی باسە ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەزەڵوەر بەندکراوێکی لاو لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ بە ناوی «سادق مەلەکی» بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانی لە دەست داوە و ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خەزەڵوەریش بەندکراوێکی تەمەن ٢٧ ساڵی خەڵکی هەرسین و دانیشتووی نورئاباد بە ناوی فەرهاد وسوقی لە بەندیخانەی ناوەندیی خوڕەماوا لەژێر ئەشکەنجەی هێزە ئەمنیەکانی بەندیخانە کوژراوە.

لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکانیش لە کوردستان زیاتر لە ١٦ قوربانیی وەرگرتووە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٩ کەس لەوانی ئاشکرا کردووە. لەو ٩ کەسە دوو کەسیان کوژراون و ٧ کەسیان بریندار بوون.

چاونیوز پێشتریش لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندبوو ژمارەی ئەو کەسانەی لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون و بە ناو و شوێنی ژیانیان زاندراوە، ١٧ کەس بووە. لەو ١٧ کەسە ٥ کەسیان گیانیان لەدەست داوە و ١٢ کەسیش بریندار بوون. بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون و بە ناو و شوناسیان زاندراوە، گەیوەتە ٢٦ کەس کە ٧ کەسیان کوژراون و ١٩ کەسیان بریندار بوون.

هەر لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٣٢ کرێکاری کورد لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار کە شوناسی ٢٠ کەس لەوان لەلای ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراوە. لەو ٢٠ کەسە ١٩ کەسیان بەهۆی جۆراوجۆری وەک بەربوونەوە لە بەرزایی و برق گرتوویی و ڕووداوی ناسروشتیی دیکە گیانیان لە دەست داوە.

چاونیوز پێشتر لە ڕاپۆرتی وەرزی هاوینی خۆیدا هێنابووی کە ژمارەی قوربانییانی کار لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لانیکەم ٣٨ کەس بووە کە ٢٥ کەس لەوان لە سۆنگەی نەبوونی ستانداردەکانی ئیمەنیی کار گیانیان لەدەست داوە. بەو پێیە ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار و بە ناو و شوناسیان زاندراوە ٥٨ بووە کە لەوەندە کەسە ٤٤ کەسیان گیانیان لەدەست داوە.

ئاماری خۆکوژییەکانیش لە کوردستان بەهۆی پەرەسەندنی خەمۆکی و قەیرانەکانی بێکاری و ئابووری و هەروەها؛ کەمتەرخەمیی دامودەزگا دەوڵەتی و حکومییەکانەوە لە ماوەی ئەو سێ مانگەی پاییزدا دیار و بەرچاو بوو. لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا زیاتر لە ٥٠ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتووە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٢٧ کەس لەوانی بە ڕوونی تۆمار کردووە کە کەم تەمەنترینیان کوڕێکی ١٢ ساڵ و بەتەمەنترینیان پیاوێکی تەمەن ٥٧ ساڵ بووە.

ئەم ناوەندە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ئاماری گیانلەدەستدانی ٩١ کەسی بەهۆی خوکوشتن ڕاگەیاندبوو و بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە ماوەی ٩ مانگی ئەمساڵدا خۆیان کوشتوە، لانی کەم ١١٨ کەس بووە.

ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بەمیدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و درووستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە دەخرێتە بەرچاو.

---

**خشتەی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی پاییزی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاویدا بەشێوەی خوارەوە دەخرێتە بەرچاو:**

> **هەمووان لە بەرانبەر قانووندا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە بێ هیچ جیاوازیدانانێك لە لایەن قانوونەوە پشتیان بگیرێ. هەمووان مافی ئەوەیان هەیە لەبەرانبەر هەر جیاوازیدانانێکدا کە نێوەرۆکی ئەم جاڕنامەیە پێشێل بکاو، لە دژایەتی لەگەڵ هەر هاندانێکدا کە بە مەبەستی ئەو جیاوازیدانانە بەڕێوە بچێ، وەك یەك لە لایەن قانوونەوە پشتیوانییان لێبکرێ.**
>
> *(ماددەی ٧ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)*



## ئەو کۆڵبەر و کاسبکارانەی لە سێ مانگی پاییزی ١٣٩٩دا کوژراون و بریندار بوون

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | جۆری زیان | وردەکاری لەسەر ڕووداوەکە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سۆهەیب فێردەوسی | نەوسوود | بریندار بووە | خەڵکی گوندی "دزاوەر"ە و بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکان بریندار بووە | ١٣٩٩/٧/٤ |
| ٢ | ئیبراهیم ڕەسووڵیان | سەردەشت | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی ئالانی سەردەشت دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/٦ |
| ٣ | ڕەحیم ئیرەجی | سەقز | بریندار بووە | لە سنووری هەنگەژاڵی بانە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/٧ |
| ٤ | مێهدی ڕەسووڵزادە | سەردەشت | بریندار بووە | جووچکە قەلی پێ بووە و سەرەڕۆیانە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/٨ |
| ٥ | ئیدریس بارزان | پیرانشار | بریندار بووە | لە ناوچە سنوورییەکانی بانە دراوەتە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم | ١٣٩٩/٧/٩ |
| ٦ | مێهدی زارعی | سەردەشت | کوژراوە | خەڵکی کوڵەسە و لە بەرزاییە سنوورییەکانی شاری بانە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/١٢ |
| ٧ | شەفیق باگا | باکووری کوردستان | کوژراوە | لە کاتی گەڕانەوە لە ماکۆ بە تۆمەتی پێبوونی باری قاچاغ دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/١٥ |
| ٨ | کەماڵ میرزایی | سەلاسی باوەجانی | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی ناوچەی نەوسوود دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/١٨ |
| ٩ | ئەسعەد نۆدشەیی | نۆدشە | بریندار بووە | بە چەکی ساچمەدار تەقەی لێ کراوە و بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٧/١٨ |
| ١٠ | ڕەحمەت ئەمینی | سەردەشت | بریندار بووە | لە "تۆکان" دراوەتە بەر دەستڕێژ و باسکی چەپی زۆر بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٧/١٩ |
| ١١ | ڕەسووڵ قادری | ماکۆ | کوژراوە | لە ماشێنەکەیدا بە گومانی پێبوونی باری قاچاغ دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/١٩ |
| ١٢ | وەزیر وەیسی | سەلاسی باوەجانی | بریندار بووە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/٢١ |
| ١٣ | محەممەد ..... | پاوە | بریندار بووە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/٢١ |
| ١٤ | هیوا وەکیلی | سەقز | کوژراوە | بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ئوتومبیلەکەی وەرگەڕاوە | ١٣٩٩/٧/٢٢ |

> **هیچ کەسێك نابێ لە خۆوە بگیرێ، زیندانی بکرێ یان دوور بخرێتەوە.**
> *(ماددەی ٩ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)*



سۆهەیب فیردەوسی، خەڵکی نەوسوود کە ڕۆژی ١٣٩٩/٧/٤ بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوو.



مەهدی زارعی، خەڵکی گوندی «کۆڵەسەی خواروو» سەر بە سەردەشت کە ڕۆژی ١١ی ڕەزبەر بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری بانە کوژرا.



هیوا وەکیلی، خەڵکی سەقز کە ڕۆژی ١٣٩٧/٧/٢٢بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ئوتومبیلەکەی وەرگەڕاوە و گیانی لەدەست داوە.

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | جۆری زیان | وردەکاری لەسەر ڕووداوەکە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ئیسماعیل نەوزەری | مەریوان | بریندار بووە | ئوتومبیلەکەی لە کرماشان بە گومانی پێبوونی باری قاچاغ دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٧/٢٤ |
| ١٦ | ئەمین شەمس | ماکۆ | کوژراوە | خەڵکی گوندی "مەلا حەسەن" و بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراوە | ١٣٩٩/٧/٢٧ |
| ١٧ | حامید زۆهرابی | ئیلام | کوژراوە | لە شاری دەرەشار سەرەڕۆیانە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/١ |
| ١٨ | باست محەممەدی | بانە | بریندار بووە | لە ناوچەی هەنگەژاڵ کەوتۆتە بەر دەستڕێژ و گوللە بەر ڕانی کەوتوە | ١٣٩٩/٨/٤ |
| ١٩ | حەمید ئەحمەدی | پیرانشار | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی قەندیل تەقەی لێ کراوە | ١٣٩٩/٨/٤ |
| ٢٠ | ئاوارە فەتاحی | سەردەشت | بریندار بووە | لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/٨ |
| ٢١ | موحسین قاسمی | ورمێ | کوژراوە | لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و تورکیە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/١٠ |
| ٢٢ | موسلیح قاسمی | ورمێ | بریندار بووە | برای موحسین، لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و تورکیە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/١٠ |
| ٢٣ | ئەییوب حوسێنی | بانە | بریندار بووە | لە ناوچەی سنووری هەنگەژاڵی بانە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/١٢ |
| ٢٤ | سیاوەش کورەسوونی | خۆی | کوژراوە | ئەندامی شوڕای گوندی "قوتور" و لە کاتی کۆڵبەریدا دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/١٢ |
| ٢٥ | هیدایەت حوسێنی | سەردەشت | بریندار بووە | لە ناوچەی سنووریی بانە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/١٢ |
| ٢٦ | سینا کەرەمی | جوانڕۆ | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی نەوسوود دراوەتە بەر دەستڕێژ و بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٨/١٤ |
| ٢٧ | حەسەن دالایی میلان | چاڵدران | کوژراوە | باوکی ٣ منداڵ بووە و لە ناوچە سنوورییەکانی چاڵدران دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/١٥ |
| ٢٨ | کەماڵ عەلەم هوولی | چاڵدران | کوژراوە | لە ناوچە سنوورییەکانی چاڵدران دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/١٦ |
| ٢٩ | ڕزگار حوسێنی | پاوە | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی نەوسوود دراوەتە بەر دەستڕێژ و بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٨/١٧ |
| ٣٠ | یۆسف بەهرامی | سەلاسی باوەجانی | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی نەوسوود دراوەتە بەر دەستڕێژ و بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٨/١٧ |

> **هەر کەسێك بە هەر تاوانێك تاوانبار کرابێ، هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویست بۆ داکۆکی لە خۆکردنی بۆ دابین کرابێ، تاوانباربوونی وی بەشێوەیەکی قانوونی دەرنەکەوتووە، بە بێ تاوان دەژمێردرێ.**
>
> *(ماددەی ١١ی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)*



ئەمین شەمس، خەڵکی ورمێ کە ڕۆژی شەممە ٢٦ی ڕەزبەر بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری چاڵدێران کوژرا.



ئیدریس بارزان، خەڵکی پیرانشار کە ڕۆژی ١٣٩٩/٧/٩ کەوتە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەتوندی بریندار کرا.



موحسێن قاسمی و موسلێح قاسمی، دوو برای کۆڵبەر کە ڕۆژی شەممە ١٠ی خەزەڵوەر لەلایەن هێزەکانی تورکیەوە تەقەیان لێ کرا. لەم ڕووداوەدا موحسین کوژرا و موسلیح بریندار بوو.

| ڕیز | ناو و ناسناو | خەڵکی | جۆری زیان | وردەکاری لەسەر ڕووداوەکە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣١ | خوسرەو شەریفی | بانە | کوژراوە | ٧ی خەزەڵوەر ئوتومبیلەکەی بە گومانی پێبوونی باری قاچاغ درابووە بەر دەستڕێژ و فیشەک بەر سەری کەوتبوو. دوای ١٠ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی سنە گیانی لەدەستدا | ١٣٩٩/٨/١٧ |
| ٣٢ | نەجمە مورادی | بانە | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی "سەرتەزێن"ی بانە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/٢٥ |
| ٣٣ | سەعدی ڕۆستەمزادە | هەورامانی تەخت | کوژراوە | لە کاتی ڕاوەدوونانی پۆلێک کۆڵبەردا فیشەکی بەرکەوتوە و گیانی لێ ئەستێندراوە | ١٣٩٩/٨/٢٧ |
| ٣٤ | هاکان محەممەدزادە | سەڵماس | کوژراوە | لە ناوچە سنوورییەکان سەرەڕۆیانە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/٢٨ |
| ٣٥ | وەسیم فەردینزادە | شنۆ | کوژراوە | خێزاندارە و باوکی منداڵێکە لە ناوچە سنوورییەکان سەرەڕۆیانە دراوەتە بەر دەستڕێژ | ١٣٩٩/٨/٢٨ |



خوسرەو شەریفی، خەڵکی گوندی «ئۆغڵ» سەر بە شاری بانە کە ڕۆژی شەممە ١٧ی خەزەڵوەر بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران تەقەی لێکرا و لە نەخۆشخانەی «کەوسەر»ی شاری سنە گیانی لەدەست دا.



سەعدی ڕۆستەمزادە، خەڵکی شاری هەورامانی تەخت کە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا.



ئایهان خودایی، خەڵکی ورمێ کە ڕۆژی ١٣٩٩/٩/٩ بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بووە و گوللە لە سەری دراوە.

> هەر کەسێك مافی ئازادیی بیروڕاو رادەربڕینی هەیەو، ئەو مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوەی کە بیروڕایەکی هەیە نەترسێو نیگەران نەبێو، لە بەدیهێنانو وەرگرتنو بڵاوکردنەوەی زانیاریو بیروبۆچووندا، ئازادانەو بێ وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕینو بڵاوکردنەوە رابگا.
>
> *(ماددەی ١٩ی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)*



فەرزاد سەعدووزادە، خەڵکی سەڵماس، باوکی دوو منداڵ کە ڕۆژی ١٣٩٩/٩/١٦ بە تەقەی هێزەکانی پایگای سنووریی «کوزەڕەش» کوژراوە.



وەسیم فەردینزادە خەڵکی شنۆ و هاکان محەممەدزادە خەڵکی سەڵماس کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی خەزەڵوەر بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم لە ناوچەی شنۆ، گیانیان لەدەست دا.



ئەشکان عەزیزی، تەمەن ١٧ ساڵ، خەڵکی کرماشان کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی ڕەزبەر لەگەڵ براکەی بەناوی بورهان لە نێو شار سەرەڕۆیانە لەلایەن هێزەکانی پایگای دەوڵەت ئاوا درانە بەر دەستریژ. لەو ڕووداوەدا ئەشکان کوژرا و بورهان بە توندی بریندار بوو.

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | جۆری زیان | وردەکاری لەسەر ڕووداوەکە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٦ | یەحیا (سامان) جەوشەنی | سەقز | کوژراوە | لە کاتی تەقە و ڕاوەدوونانی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە ئوتومبیلەکەی وەرگەڕاوە | ١٣٩٩/٨/٢٩ |
| ٣٧ | داریووش وەلەدبەیگی | پاوە | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی نەوسوود دراوەتە بەر دەستریژ و بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٩/٤ |
| ٣٨ | ئۆمید ڕەحیمی | جوانرۆ | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی نەوسوود دراوەتە بەر دەستریژ و بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٩/٥ |
| ٣٩ | ڕەزا یۆسفی | کامیاران | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی نەوسوود دراوەتە بەر دەستریژ و بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٩/٥ |
| ٤٠ | سیامەک کەریمی | سەقز | کوژراوە | لە ڕێگای فوومەن بۆ سەبزەوار ماشێنەکەی دراوەتە بەر دەستریژ | ١٣٩٩/٩/١٢ |
| ٤١ | ئایهان خودایی | ورمێ | بریندار بووە | خەڵکی سۆما و برادۆستە، خێزاندارە و گوللە لە سەری دراوە | ١٣٩٩/٩/٩ |
| ٤٢ | سیروان مەولانپەنا | سەردەشت | بریندار بووە | خەڵکی نەڵاس و لە بەرزاییەکانی سەردەشت دراوەتە بەر دەستریژ | ١٣٩٩/٩/١٠ |
| ٤٣ | خزر ڕەسووڵی | بانە | بریندار بووە | لە ئاکامی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاخ بەر بۆتەوە | ١٣٩٩/٩/١٠ |
| ٤٤ | بێهزاد محەممەدی | بانە | کوژراوە | لە سیستان لە ئوتومبیلەکەیدا بە گومانی پێبوونی باری قاچاغ دراوەتە بەر دەستریژ | ١٣٩٩/٩/١٣ |
| ٤٥ | ئۆمید ئەحمەدی | جوانرۆ | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی نەوسوود دراوەتە بەر دەستریژ و بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٩/١٥ |
| ٤٦ | فەرزاد سەعدووزادە | سەڵماس | کوژراوە | باوکی دوو منداڵە و هێزەکانی پایگای سنووریی "کوزەڕەش" کوشتوویانە | ١٣٩٩/٩/١٦ |
| ٤٧ | ئەمیر ئیلاهی | سەلاسی باوەجانی | بریندار بووە | لە بەرزاییەکانی نەوسوود دراوەتە بەر دەستریژ و بە توندی بریندار بووە | ١٣٩٩/٩/١٨ |
| ٤٨ | جەمیل ئەحمەدپوور | بانە | بریندار بووە | لە ناوچەی هەنگەژاڵ کەوتۆتە بەر دەستریژ و گوللە بەر لاقی کەوتوە | ١٣٩٩/٩/٢٧ |

**"هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتیو نێونەتەوەییدا، داواکاری پێکهێنانی سیستەمێکی ئەوتۆ بێ کە مافو ئازادییەکانی گونجاو لەم جاڕنامەیەدا بە تەواوی دابین بکاو، بەڕێوەیان ببا."**

*(ماددەی ٢٨ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)*



## ناونیشانی ئەو کەسانەی لە سێ مانگی پاییزی ١٣٩٩ی هەتاوی‌دا لەدار دراون

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاریی ڕووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شارام تەخشا | کرماشان | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ناوەندیی سنە لەدار دراوە | ١٣٩٩/٧/٣٠ |
| ٢ | عەلی مەلەکی | ورمێ | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لەدار دراوە | ١٣٩٩/٨/٨ |
| ٣ | زەینال عابدین محەمەدی | ورمێ | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لەدار دراوە | ١٣٩٩/٨/٨ |
| ٤ | موسا نێعمانی | ورمێ | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لەدار دراوە | ١٣٩٩/٨/٨ |
| ٥ | یاسر محەمەدی | ورمێ | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لەدار دراوە | ١٣٩٩/٨/٨ |
| ٦ | کەماڵ ئەسغەری | مەهاباد | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ناوەندیی مەهاباد لەدار دراوە | ١٣٩٩/٩/١٧ |
| ٧ | دانیال دیوانی‌ئازەر | مەهاباد | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ناوەندیی مەهاباد لەدار دراوە | ١٣٩٩/٩/١٩ |
| ٨ | محەممەد مرادی | سەقز | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ناوەندیی سەقز لەدار دراوە | ١٣٩٩/٩/٢٧ |

**دەبێ بنەماڵە، پارێزەر و دادگای پێوەندیدار دەستبەجێ لە گرتن، ڕاگوێزتن یان ئازادکردنی گیراوەکە ئاگادار بکرێن و زانیاریی وردیان لە بارەی ئەو کەسەوە، بۆ وێنە: کات و شوێنی گیران و هۆیەکەی، پێ بدرێ.**

**ئازادکردنی هەر بەندییەك دەبێ بە پێی بەڵگە بێ و، ئەمنییەتی دوای ئازادکردنی دەستەبەر بکرێ.**

*(بەرنامەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون بۆ پێشگیری لە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان)*



## زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی لە سێ مانگی پاییزی ١٣٩٩دا
## لە کوردستان بەهۆی چالاکیی سیاسی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران گیراون

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | عەبدول پەرتەو | مەریوان | بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/١ |
| ٢ | باپیر بەرزە | پیرانشار | بۆ کێشانی حوکمی ٨ مانگ زیندان بە تۆمەتیی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی دراوەتە بەندیخانە | ١٣٩٩/٧/١ |
| ٣ | ئاکۆ کەریمی | سنە | بۆ کێشانی حوکمی ٦ مانگ زیندان بە تۆمەتیی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی دراوەتە بەندیخانە | ١٣٩٩/٧/١ |
| ٤ | ئەرکان عەلیزادە | ورمێ | مانگێکە بە تۆمەتی چالاکیی ئایینی دژی کۆماری ئیسلامی گیراوە و تازە پێی زانراوە | لە زینداندایە |
| ٥ | موختار ئیبراهیمی | مەهاباد | بە تۆمەتی چالاکیی ئایینی دژی کۆماری ئیسلامی گیراوە | ١٣٩٩/٧/١ |
| ٦ | سابیر قادری | دیۆلان | بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم سزای ٢٨ مانگ زیندانی دراوەتێ | ١٣٩٩/٧/٢ |
| ٧ | فەردین سەعیدزادە | سەقز | بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/٢ |
| ٨ | پشتیوان پەرتەو | مەریوان | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری نەزانداروا گرتوویەتی | ١٣٩٩/٧/٣ |
| ٩ | هوشمەند عەلیپوور | سنە | بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم سزای ٣٨ مانگ زیندانی دراوەتێ | ١٣٩٩/٧/٥ |

**"دەوڵەتان دەبێ دڵنیایی بدەن کە گیراوەکان تەنیا لە بەندیخانە ناسراو و ڕەسمییەکاندا ڕادەگیرێن و، دەبێ ناونیشان و تایبەتمەندیی گیراوەکانی هەرکام لە بەندیخانەکان لە دەفتەری بەندیخانەکەیان و هەروەها لە ناوەندە پێوەندیدارەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی تۆمار کرابێ. بنەماڵەکان، پارێزەران، قازییەکان و کەسان و ناوەندەکانی دیکە دەبێ دەستیان بەو دەفتەر و شوێنانە ڕابگا کە ناوەکانیان تێدا تۆمار کراوە و قانوون مافیان پێ دەدا کە بیان بینن. بەندیخانە و گرتنە نهێنییەکان دەبێ کۆتاییان پێبێ."**

*(بەرنامەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون بۆ پێشگیری لە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان)*



باپیر بەرزە، خەڵکی پیرانشار کە بۆ کێشانی حوکمی ٨ مانگ زیندان کرانی بە تۆمەتیی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی ڕادەستی بەندیخانە کراوە.



هوشمەند عەلیپوور، خەڵکی سنە کە ڕۆژی ١٣٩/٧/٥ بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم و بۆ کێشانی سزای ٣٨ مانگ زیندان بەند کراوە.



ڕۆستەم ئیبراهیمی، خەڵکی کامیاران کە ڕۆژی ١٣٩٩/٧/١٢ بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری دەسبەسەر کرا.

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | سامان غەزاڵی | مەهاباد | لە مانگی خەرمانانەوە بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردی گیراوە و تازە پێی زاندراوە | لە زینداندایە |
| ١١ | سالار غەزاڵی | مەهاباد | لە مانگی خەرمانانەوە بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردی گیراوە و تازە پێی زاندراوە | لە زینداندایە |
| ١٢ | سەردار مینەپوور | پیرانشار | لە مانگی خەرمانانەوە بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردی گیراوە و تازە پێی زاندراوە | لە زینداندایە |
| ١٣ | حیسام عەبدوڵڵاهی | کرماشان | ئیدارەی ئیتلاعاتی بەلوچستان ڕۆژی ٢٣ی خەرمانان گرتوویەتی | لە زینداندایە |
| ١٤ | بێهزاد تەڵایی | ورمێ | بە تۆمەتی چالاکیی ئایینی دژ بە بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/٧ |
| ١٥ | سیاوەش جەوان | ورمێ | بە تۆمەتی چالاکیی ئایینی دژ بە بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/٧ |
| ١٦ | فەرشاد فەتاحی | ورمێ | بە تۆمەتی چالاکیی ئایینی دژ بە بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/٨ |
| ١٧ | میلاد وەیسی | سنە | لە شوێنی کارەکەی بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/٩ |
| ١٨ | ساعید بەنەفشی | سنە | بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی سزای دوو ساڵ زیندانیی هەڵپەسێراوی بەسەردا سەپاوە | ١٣٩٩/٧/١٠ |
| ١٩ | فەرهاد تاریمورادی | سنە | بۆ کێشانی ماوەی یەک ساڵ سزای زیندان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی بەڕێی گرتووخانە کراوە | ١٣٩٩/٧/١٠ |
| ٢٠ | کەیهان شیرینی | سنە | بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/١١ |
| ٢١ | بەهرام قاسمی | سنە | بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/١١ |
| ٢٢ | شەهریار پوورعەلی | ورمێ | خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ و بەهۆکاری نەزاندراو گیراوە | ١٣٩٩/٧/١١ |

**هەر جۆرە ئەمرێکی گرتن و زیندانی کردن دەبێ تەنیا لە لایەن بەرپرسانێك کە قانوون دەستنیشانی کردوون، دەربچێ و جێبەجێ بکرێ. مەئمووران دەبێ خۆیان بە تاوانبارکراو بناسێنن و کارتی پێناس نیشان بدەن. ئەگەر لە شوێنی گرتنەکە، کەسانێك وەك شایەدی ڕووداوەکە هەبن و داوا بکەن کە مەئمووران خۆیان پی بناسێنن، دەبێ خۆ بە وانیش بناسێنن. دەوڵەتان لە سەریانە کە ئۆرگانەکانیان و کەسانی بەرپرس لە کاروباری گرتن و زیندانی کردنی مرۆڤەکان بە تەواوی دیاری بکەن و لە کاتی لادان و پێشێلکاریدا، تەمبێیان بکەن.**

*(بەرنامەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون بۆ پێشگیری لە رفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان)*



مامۆستا ڕەسوڵ حەمزەپوور، خەڵکی گوندی «خراپە»ی شاری پیرانشار و پێشنوێژی هەینیی گوندی «ئەندێژ». ی بەخشی لاجانی پیرانشار کە ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی ڕەزبەر دەسبەسەر کرا.



ئەمین عەلیزادە و تەقی مورادی، دوو دەروێشی گونابادی، دانیشتووی شاری ئابدانانی پارێزگای ئیلام کە ڕۆژی شەممە ١٢ی ڕەزبەر لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ زیندانی ئیلام ڕاگوێزران.

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | ڕۆستەم ئیبراهیمی | کامیاران | بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم سزای ١٠ مانگ زیندانی دراوەتێ | ١٣٩٩/٧/١٢ |
| ٢٤ | تەقی مورادی | ئیلام | دەروێشی گونابادییە و بۆ کێشانی ٥ ساڵ سزای زیندان بەرێی گرتووخانە کراوە | ١٣٩٩/٧/١٢ |
| ٢٥ | ئەمین عەلیزادە | ئیلام | دەروێشی گونابادییە و بۆ کێشانی ٧ ساڵ سزای زیندان بەرێی گرتووخانە کراوە | ١٣٩٩/٧/١٢ |
| ٢٦ | شەهریار پوورعەلی | ورمێ | خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ و بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی وڵات گیراوە | ١٣٩٩/٧/١٢ |
| ٢٧ | ڕەسووڵ حەمزەپوور | پیرانشار | مامۆستای ئایینی گوندی "ئەندیژە" و ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری نەزاندراو گرتوویەتی | ١٣٩٩/٧/١٣ |
| ٢٨ | حامید دادستان | مەریوان | خەڵکی گوندی "دەرگا شێخان" و بە تۆمەتی لایەنگری لە حیزبێکی کوردی گیراوە | ١٣٩٩/٧/١٣ |
| ٢٩ | محەممەدعەلی دادستان | مەریوان | خەڵکی گوندی "دەرگا شێخان" و بە تۆمەتی لایەنگری لە حیزبێکی کوردی گیراوە | ١٣٩٩/٧/١٣ |
| ٣٠ | حەمدی دەبستانی | مەریوان | خەڵکی گوندی "دەرگا شێخان" و بە تۆمەتی لایەنگری لە حیزبێکی کوردی گیراوە | ١٣٩٩/٧/١٣ |
| ٣١ | عەزیز ناسری | ورمێ | مانگی خەرمانان گیراوە و دوای تەواوبوونی لێپرسینەوە بەرێی زیندانی ناوەندیی ورمێ کراوە | ١٣٩٩/٧/١٤ |
| ٣٢ | خەدیجە مێهدیپوور | ئیلام | بە تۆمەتی چالاکیی کرێکاری و بانگەشە دژی ڕێژیم دەسبەسەر کراوە | ١٣٩٩/٧/١٤ |
| ٣٣ | ئەندیشە سەدری | سنە | خوێندکاری زانکۆ و چالاکی مەدەنی بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لە شاری تاران دەسبەسەر کراوە | ١٣٩٩/٧/١٥ |
| ٣٤ | نێدا پیرخزریان | سنە | خوێندکاری زانکۆ و چالاکی مەدەنی بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لە شاری تاران دەسبەسەر کراوە | ١٣٩٩/٧/١٥ |
| ٣٥ | لوقمان پیر خزریان | سنە | بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لە شاری تاران دەسبەسەر کراوە | ١٣٩٩/٧/١٥ |
| ٣٦ | ئیسماعیل ناهیدە | بۆکان | خەڵکی گوندی "مەنیجێر" و بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/١٧ |

> **هەموو ئەو کەسانەی دەگیرێن دەبێ دەستبەجێ بە دادگا و بەرپرسانی قەزایی بسپێردرێن. ئەندامانی بنەماڵە، پارێزەران، وەکیلەکانی دادگوستەری و پزیشکەکان دەبێ بە ڕێکوپێکی گیراوەکە لە هەموو قۆناغەکانی گیراندا ببینن. دەبێ ڕێگای سەردان و پشکنینی ڕێکوپێک، لەپڕوناکاو و بەبێمەرج، لە هەموو بەندیخانەکان بە لێکۆڵەرانی دەوڵەتی بدرێ.**
>
> *(بەرنامەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون بۆ پێشگیری لە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان)*

| ڕیز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ٣٧ | عوسمان خوداکەرەمی | بۆکان | خەڵکی گوندی "وەتەمیش" و بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/١٧ |
| ٣٨ | ئەفشار فەتحی | سنە | بە مەبەستی تێپەڕاندنی ماوەی حوکمی یەک ساڵ بەندکرانەکەی خراوەتە بەندیخانەوە | ١٣٩٩/٧/١٩ |
| ٣٩ | شادمان بەنیبەشەر | سنە | بە مەبەستی تێپەڕاندنی ماوەی حوکمی ٦ مانگ بەندکرانەکەی خراوەتە بەندیخانەوە | ١٣٩٩/٧/٢٠ |
| ٤٠ | محەممەدعەلی خالیدنیژاد | سەردەشت | خەڵکی "مارەغان" و بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٩/٧/٢٠ |
| ٤١ | سالار خانئەحمەدی | جوانڕۆ | پێشتر پێشمەرگەی حیزبێکی کوردی بووە | ١٣٩٩/٧/٢٠ |
| ٤٢ | مەلا جەمشید حەمیدی | شنۆ | خەڵکی "شاوانە" و بە تۆمەتی لایەنگری لە حیزبێکی کوردی گیراوە | ١٣٩٩/٧/٢٤ |
| ٤٣ | سۆمەییە کارگەر | ئیلام | لە تاران بە تۆمەتی چالاکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەسبەسەر کراوە | ١٣٩٩/٧/٢٥ |
| ٤٤ | حەسەن قادرنیژاد | سەقز | بەبێ هیچ بەڵگەیەکی قەزایی ئیدارەی ئیتلاعات گرتوویەتی | ١٣٩٩/٧/٣٠ |
| ٤٥ | حەبیبوڵلا کازمی | دیواندەرە | بەبێ هیچ بەڵگەیەکی قەزایی ئیدارەی ئیتلاعات گرتوویەتی | ١٣٩٩/٨/١ |
| ٤٦ | ئیدریس وەیسی | دیواندەرە | بەبێ هیچ بەڵگەیەکی قەزایی ئیدارەی ئیتلاعات گرتوویەتی | ١٣٩٩/٨/١ |
| ٤٧ | فارووق عەزیزی | شنۆ | بانگ کراوەتە ئیتلاعات و دەسبەسەر کراوە | ١٣٩٧/٨/٥ |
| ٤٨ | موحسین ئەداک | سنە | بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٧/٨/٥ |
| ٤٩ | عەتا فەتاحی | مەریوان | بەبێ بەڵگەی یاسایی بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیی دژی کۆماری ئیسلامی گیراوە | ١٣٩٧/٨/٦ |
| ٥٠ | سینا نیکپەی | مەریوان | تەمەن ١٦ ساڵە و بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٧/٨/٦ |
| ٥١ | حوسێن شێرزاد | تیکاب | بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٧/٨/٦ |
| ٥٢ | ئامانج کاروانچی | سەردەشت | بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم گیراوە | ١٣٩٧/٨/٦ |
| ٥٣ | ئەییوب ئاقارەزایی | دیواندەرە | چالاکی ژینگەپارێزییە و بە هۆکاری نەزاندراو گیراوە | ١٣٩٧/٨/٧ |
| ٥٤ | فایەق یوسفی | سەقز | بۆ کێشانی حوکمی ١٠ مانگ زیندان بە تۆمەتیی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی دراوەتە بەندیخانە | ١٣٩٧/٨/١٠ |
| ٥٥ | سامان ئەسەد حەکیم | مەریوان | خێزاندار و باوکی سێ منداڵە و بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیی دژی کۆماری ئیسلامی گیراوە | ١٣٩٧/٨/١١ |
| ٥٦ | محەممەد شەفیعزادە | مەریوان | خێزاندارە و بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیی دژی کۆماری ئیسلامی گیراوە | ١٣٩٧/٨/١١ |
| ٥٧ | جەلال ڕۆستەمی | کامیاران | بۆ کێشانی حوکمی ٣٠ مانگ زیندان بە تۆمەتیی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی دراوەتە بەندیخانە | ١٣٩٧/٨/١١ |
| ٥٨ | دەلیل نەسری | سنە | بۆ کێشانی حوکمی ١ ساڵ زیندان بە تۆمەتیی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی دراوەتە بەندیخانە | ١٣٩٧/٨/١١ |
| ٥٩ | فەرمان حەیدەرنیژاد | مەریوان | بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیی دژی کۆماری ئیسلامی گیراوە | ١٣٩٧/٨/١٢ |
